کاری هاوبەش

بڵاوکراوەی لیژنەی کاتی کاری هاوبەشی چەپ

ژمارە (٣)، ٢ ی ئایاری ٢٠٠٣

لەشاری سلێمانی لافیتەکانی ١ی ئایار لێ دەکرێتەوە

بەگوێرەی هەواڵێك کە گەیشتۆتە بڵاوکاوەکەمان، لەشاری سلێمانی سەرجەم ئەو لافیتانەی بە بۆنەی ١ی ئایار، جەژنی جیهانی چینی کرێکارەوە، لەلایەن هەردوو (بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) ەوە هەڵواسرابوون و بەم بۆنەیەوە شیعارو پیرۆزباین لەسەر نوسرابوو، لێکراونەتەوەو درێندراون.

با ١ی ئایاری ئەمساڵ بکەینە سەرەتایەکی بەتینتر بۆ پێکهێنانی هاوکاری و هاوئاهەنگی زیاتری چەپ

١ی ئایاری ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی لە عێراقدا، ئاڵوگۆڕێك کە سەرەنجامەکەی بە کۆتایهاتنی یەکێك لە رەشترین دەسەلاتەکان و نەمانی حکومەتی بەعس و سەپاندنی دەسەلاتی یەکلایەنەی ئەمریکا بەسەر عێراقدا، هات.

هەر بۆیە کە ١ی ئایاری ئەمساڵ تەنیا وەك یادکردنەوەیەك نەبوو لە خەباتی چینی کرێکارو تەنیا وەك رۆژێك بۆ تاوتوێکردنی دەستکەوت و زیانەکان، رۆژێك نەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن و شکستەکان. بەڵکو ئێمە لەم ئایارەدا کەوتینە بەردەم هەڵبژاردنێکی زۆر جدی و سەرەکی، ئەویش ئەوەیە کە چ وەڵامێك بەم هەلومەرجە ئەیدەیتەوە کە ئەمڕۆ عێراق و کوردستانی تیا دەگوزەرێت؟ چ جێگاورێگایەك لەم هەلومەرجەدا بۆ خۆت دیاریدەکەیت کە هیچ شتێکی وەك دوێنێ نییەو سەرجەم شتەکانی، هەر لە جێگاو رێگای حیزبە سیاسییەکان، دامو دەزگاکانی دەوڵەت، جێگاو رێگای ئۆپۆزسیۆن، چ بە بورژوازی و چ بە سۆسیالیستی، شێوەکانی خەبات، تەنانەت زۆرێك لە نەخشەکان لە بنەڕەتەوە گۆڕی و ئەتوانین لە یەك وشەدا بڵێین کە یەك شتی وەك خۆی نەهێشتەوە.

بەڵام هێشتا کەمتر لەوەی چاوەڕواندەکرێت، بزووتنەوەی چەپ هێشتا لە قاوغی دوێنێدا یەخسیرەو هێشتا پێی نەخستۆتە ناو ژیانی سیاسی ئەمڕۆو هێشتا بە هەمان میکانیزمەکانی دوێنێ کارەکانی ئەمڕۆی ئەکات.

ئەوەندەی بۆ حیزبە چەپەکان دەگەڕێتەوە هێشتا نەهاتونەتە سەر ئەوەی کە لەم سنوربەندییانەی لە عێراقدا دەکرێت، لەناو ئەم بەرە هەڵوەشاندنەوەو دروستکردنەوەی بەرەی نوێ، بیر لە بەرەیەکی سۆسیالیستی و چەپی بکەنەوە. هێشتا میکانیزمەکانی ئیشکردنییان هەمان میکانیزمەکانی سەردەمی پێش رووداوەکانە.

ئەوەندەیشی بۆ بەشێکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست دەگەڕێتەوە، کە هێشتا لەناو هیچ یەکێك لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا نین، کەمتر هەزمی ئەم هەلومەرجەیان کردووەو کەمتر لەوە تێگەیشتوون کە دەورانی ئەمڕۆ دەورانی دوێنێ نییەو ناکرێت هەروا دستەوئەژنۆ لێ دابنیشین. هێشتا رۆحیەتی خۆ بەستنەوە بە محافل و بازنە بەرتەسکە رانەگەیەندراوەکانەوە ئەو شێوەیەیە کە کاری پێدەکرێت.

بەڵام لەمانە واوەتر ئەوەیە کە بزووتنەوەی چەپ هەلومەرجی ئەمڕۆ هەزم بکات و لەوە تێبگات کە گۆڕانکارییەکان پێویستی کارێکی ریشەیی لێ دەکەن.

خۆ ئەگەر ئەمڕۆ کۆبونەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکان بە چەندان هۆ لە حیزبێکی یەکپارچەی سیاسییدا موکین نییە، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەیەکەوە کارکردن مومیکن نییە. هەر ئێستا دەکرێت ئەم بزووتنەوەیە لە دەوری پلاتفۆرمێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی خەباتێکی هاوبەشدا ئەو کارانە بەرینە پێش کە وەڵام بەهەلومەرجی ئەمڕۆ ئەداتەوە.

بریا ١ی ئەم ساڵ سەرەتای سەرێکەوتنێکی گەورەتری ئەم هاوپەیمانییە سۆسیالیستی و رادیکالە بوایە. بەجۆرێك کە لە ئایاری داهاتوودا دەستکەوتەکانی ئەم پێکەوەکارکردنەمان هەڵبسەنگاندایە.

دەبا ١ی ئایاری ئەمساڵ بکەینە سەرەتایەکی باشتر بۆ هاوئاهەنگی و بۆ خستنەرێی کاری هاوبەشی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان.

کۆبوونەوەیەك لە شاری کەرکوك بۆ تاوتێکردنی کاری هاوبەشبەرێدەخرێت

رێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٢٨، کاتژمێر ٥ی ئێوارە، لە هۆڵی ناوخۆیی کوران، لە شاری کەرکوك کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەی کاری هاوبەش لە شاری کەرکوك بەڕێوەچوو. ئەم کۆبوونەوەیە دوای کۆبونەوەکی لەوەوپێشتری نێوان لیژنەی کاتی کاری هاوبەشی چەپ (لەسلێمانی) و ژمارەیەك کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیستی شاری کەرکوك بەسترا کە بەو هۆیەوە نوێنەری لیژنەی کاری هاوبەشی چەپ (سلێمانی) ئامادەی بوو.

کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە چۆنێتی خۆ ئامادەکردن و رێککەوتن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و پێکهێنانی کاری هاوبەش، کە لەچوارچێوەی رۆڵی جەماوەر لە رووداوو ئاڵۆگۆڕەکانداو بەگریکردن لە داخوازییەکان و ژیانی خەڵك و پەرەپێدانی بۆچوون و بەدیلی پێشکەوتوو لایەنگری لە جەماوەردا بوو.

کۆتایی کۆبوونەوەکەش دیاریکردنی لیژنەیەکی کاتی ٧ کەسی بوو کە کاری سەرەکی ئامادەکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوانتر بێت بۆ هەمان مەبەست. هەروەها بەم نزیکانەش کۆبوونەوەیەکی تری فراوان بۆ هەمان مەبەست سازدەکرێت.

هەر لەناو ئەو کۆبوونەوەیەدا بڵاوکراوەکەمان چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ژمارەیەك لەو هاوڕێیانە سازدا، **کە دەقی ئەو چاوپێکەوتنانە لە ل٢ دا دەخوێنیتەوە.**

شایانی باسە کە لیژنەی کاری هاوبەش لە کەرکوك بەخوێندنەوەی وتارێك بەشداری لە مەراسیمی ١ی ئایار، کە لەلایەن بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیستەوە سازکرابوو، کرد.

رامسفیلد، دوای ٢٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەدامدا، سەردانی بەغداد دەکات

دوای سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر عێراق و حکومەتی عێراق ،وەزیری بەرگری ئەمریکی "رامسفیلد" سەردانی بەغداد دەکات. لە ساڵی (١٩٨٣)ەوە ئەمە دووەم جارە کە ئەم کەسایەتییە سەردانی عێراق دەکات. ئەم رامسفیلدەی کە ئەمڕۆ بەبۆنەی سەرکەوتنی سوپای ئەمریکا سەردانی عێراق دەکات، ساڵی ١٩٨٣ وەك نێرداوێکی سەرەکی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی بەغدادی کردووە تا کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەدام حسینی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق ببەستێت بەنیازی لێك نزیك بوونەوەی هەردوو وڵات لە کاتی شەڕی نێوان عێراق-ئێران.

کەرکوك چەك کرا

کاتێك لە شاری هەولێر یان سلێمانییەوە دەچینە ناو کەرکوك، پێش ئەوەی بگەیتە ناو شار، لەو بازگەیەی کە هێزەکانی ئەمریکا دایانناوە، نوسراوێك دەبینییت، کە لێی نوسراوە "کەرکوك چەك کرا".

لەراستیدا گەرچی خودی ئەم چەککردن و دامالینەی ناو شاری کەرکوك، لەلایەن هێزێکی نێونەتەوەییەوە نییەو بەتەنیا سیاسەتێکی ئەمریکییەو فشارێکە کە لەلایەن تورکیاوە سەپاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵك بەشێوەیەکی باش پێشوازی لێدەکەن، یان لانیکەم هیچ نەبێت مورتاحن بەوەی کە کەرکوك دیاردەی چەکداری لە کەرکوك کەم کراوەتەوەو بارەگای حیزبەکان، ئەوەی دەبینرێت، بێ چەکن.

خەڵکی کوردستان لە ئەزموونی ١٣ ساڵەیاندا ئەوەیان باش زانیوە کە ئەو چەکانەی بەدەست حیزبە کوردییەکانەوەیە، هیچ خێرو بێرێکیبۆ ئەوان تیا نەبووە جیا لەوەی کە لەپاڵ ئەم چەکانەدا شەڕی ناوخۆیی و تاڵانی و کوشتن و کراوە.

ئێستاش کە دەبینن لە شارێکی ئاڵۆزی وەك کەرکوکدا حیزبەکان کەمترین چەکیان لایەو، زاتی هەڵگرتنی چەکییان نییە، خۆشحاڵن، چونکە هیچ نەبێت لە ئەگەری بەیەکدادانی حیزبەکان و شەڕی ناو شارەکان تاڕادەیەك بەدوورن.

تومی فرانکس وەك تاوانبارێکی جەنگ، لەشەڕی عێراقدا، ئەدرێتە دادگا

لەلایەن محامییەکی بەلجیکییەوە دەعوا لەسەر فرانکس تۆمار کراوە ، تا بە تاوانی توشبوون بە تاوانی شەڕ، لەکاتی شەڕی عێراقدا، دادگایی بکرێت.

لەهەمان کاتدا لەلایەن ١٩ عێراقییەوە دەعوە لەسەر فرانکس بەرزکراوەتەوە تا بەهەمان هۆ دادگایی بکرێت.

"جان فیرمون" محامی داوەکەرەکان ئەوەی پشت راست کردەوە کە قوربانییەکانی ئەو تاوانانە بەهۆی بۆردومانکردن و هێرشی ئەمریکاوە بۆ سەر ئۆتۆمبیلەکانی ئیسعاف و مەدەنییەکانەوە بووە.

وا بریارە کە دادگاییەکە لە رۆژی ١٣ی ئایاردا بکرێت. کە لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵی پزیشکەکانی بەلجیکا، لەکاتی شەڕدا لە بەغداد بوون، بەڵگەکانیان دەخەنە روو.

هەروەها محامییەکە دەڵێت کە ١٧ رووداوی دیاریکراوە لەبەردەستدان کە سەربازو سەرکردە ئەمریکییەکان تیایاندا یاسایان پێشێلکردووە.

شایانی باسیشە کە یاسای سزای بەلجیکی رێگا بە محامییە بەلجیکییەکان ئەدات بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە لە دەرەوەی بەلجیکا روو ئەدەن.

حکومەتی ئەمریکایش لەلایەن خۆیەوە، تورەیی خۆی بۆ ئەگەری دادگایکردنی فرانکس دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بەلجیکای وت کە رێگا نادات بەلجیکا یاساکانی بۆ "مەبەستی سیاسی" بەکاربهێنێت. وە هەروەها لێپرسراوێکی باڵای ئەمریکا وتی کە دادگایکردنی فرانکس بە رووداوێکی دیپلۆماسی مەترسیدار دەدەنێت.

له چەند رۆژی رابردوودا شاری بەغدا چەندان تەقینەوەی جۆراو جۆرو گەورە، بەخۆوە دەبینێت، کە لە ئەنجامی ئەم تەقینەوانەدا بە دەیان کەس دەکوژرێت و برینداردەبێت